# ووتەیەك بۆ پێشنیارەكەی كەماڵ ڕەئوف

**یاسین قادر (ئاراس)**

لەدوای ڕوخاندنی رژێمی بەعس هێشتا بەتەواوی زەماوەندی كۆتایهاتنی ڕژێمە گەندەڵ ودیكتاتورەرەكەی بەغداد كۆتایی پێنەهاتبوو، خەڵكی كوردستان وەك ئەوەی لەگەڵ ئەوخەونەدێرینەیاندا چاوەڕوانی ئەو ساتەشبن تابەهەڵەو كەمووكوڕیەكانی ئیدارەو حیزبەكانی خۆشیاندا بچنەوە هەرلەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەدا بەگەرمی دەستدرایە پرۆسەیەكی ڕەخنەگرتن و پیاچونەوەو سەرنجدان لە هەڵوێست و كارنامەی ئیدارەو حكومەت وحیزبەكوردیەكان، ئەوەی كەئەم پرۆسیسەلە ڕەخنەو پرتەو بوڵەكانی پێشووتر جیادەكاتەوە ئەوەبوو ئەوڕەخنانە بەئاشكراوخۆرسكانە و بێ هاندانی هیچ لایەك لەزۆربەی نێوەندو توێژەجیاجیاكانی ناو كۆمەڵ وتەنانەت ناوهێزەكانی خۆشیان دەستی پێكردوو وڕاشكاوانە خەڵك دەستیانكرد بە بەرزكردنەوەی پێشنیارگەلێكی زۆرو پرسیار خستنەبەردەم بەرپرسان وتیایدا ئەوەیان لێ خواستن كە چیتر دوو ئیدارەیی و بارگرژی وتوندوتیژی نێوان پارتی و یەكێتی كۆتای پێبهێنن وئاوڕێك لەهاولاتیان بدەنەوەو دەست بدەنە هەڵمەتێكی فراوان بۆسرینەوەی ئاسەواری بەعسیزم و ئەوكارە دزێوانەی كەخۆیان لەچەند ساڵی حوكم و دەسەلاتیاندا هێنابویانەئاراوە، هەروەها مەوزوعیەتی ئەم پرۆسیسە لەوێدایە كەچیتر بەهانەكانی دەستی دەسەلاتی كوردی داكەوتبونو ئەو بوارە نەمابوە وە تاكوبەهیچ بیانویەك خەڵك كەمتەرخەمی وبالادەستی نادیموكراتی بوونی ئەوان قبوڵ بكات، بەلام چون پرۆسیسەكەبەخێرای دەستی پێكرد هەردووحیزبەكەش ئاوا بەخێرای نەك هەر وەلامی نێگەتیفانەی دایەوە، بەڵكو ئەوەشیان ئاشكراكردكە تاڕادەیەكیش بەهیوان شانی خۆیان لەزۆربەلێن و هەنگاوی باشی پێشووتر خالی بكەنەوە ئیتر ئەوكاتە پرۆسیسەكە لەسەر دووڕییانێك خۆی بینیەوە، دەبوو یان هەرخۆی بەووتنەوەی ڕەخنەكانەوە خەریك بكات بوارە عەمەلی و جدیەكان بۆئەوان بەجێ بهێلێت و لەچاوەڕوانیدا بمێنێتەوە، یان دەبوو بیرلەوە بكاتەوە كە هەنگاوێكی عەمەلی و كارێكی سیاسی و كۆمەلایەتی لەبەرامبەرداواو خواستی ئەو هەلومەرجە نوێیەدا هەڵگرێت كە، تائێرە لەگەڵ بۆچونەكانی كاك كەمال دا هیچ جیاوازیەكم نیە، بەلام ئێمەكاتێك وەك كۆمەڵێك لەخەڵكی ناڕازی بە ڕەوشەكە و لەڕوانگەی بێ هیوابوونمان بەوەی كەئۆپۆزیسۆنی دوێنی بتوانێت بۆ ئەمڕۆ ئەو دەورە پۆزەتیفانە ببینێت بەتایبەتی كەئەمڕۆهەردووحیزبەگەورەكەی كورد خۆیان بەشێك لەودەسەلات پێك دێنێت كەجێگەی سەرنج و ڕەخنەگرتن و پیاچونەوەیە، زیاتر بەر مەبناو لەدرێژەی ئەو هەڵوێست و ڕەخنەو بۆچونانە سەیری هەلومەجەكەمان كرد كەلەدرێژەی چەند ساڵدا ئێمە ڕخنەمان بەوانكردوە ئێستاش فرسەتەكە عەینی ترو كاریگەرتر دەردەكەوێت نەك وەك ئەوەی كە لەدوای ئاڵو گۆڕو ڕووداوەكانی عێراقەوە بڕوامان بەو كارە لادروست بوبێت و لەهەولێ دابوو بێتین، هەربۆیە دوایی گەلێك پەیوەندی كردن و گفتوگۆكردن، وامان بەباش زانی بۆئەوەی دەرگای گفتوگۆكردنەكە ئاوەلاو فراوانتر بكەینەوە ومافی بەشداری كردنیش لەبەر دەم هەمووكەسێكی ئازادیخوازو خاوەن هەڵوێستدا بەئازادانە فەراهەمبێت وبەهەولێ هەموومان پێكەوە هەولەكان یەكخەین وپروسیسكە پێبنێتە قوناغێكی باشتری واوە كە بەدوای وەلامی ئەو پرسیارەدا بگەرێت كەدەپرسێت (ئاخۆبۆئێستاچی بكەین) ؟ئەوكارەمان بەگونجاو زانی كە دەرگای گفتوگۆكردنەكە بەكراوەی بهێلینەوە، دیارە وەلامی ئەو پرسیارەش مەرج نیە بەتەنها بە حیزبیەت و دامەزراندنی ڕێكخراوی سیاسی وەلام بدرێتەوە، بەلام ئەوە تائەوپەریشی جێگەی گفتو گۆكردنە. لەم ڕوانگەو تێگەیشتنەوە پێشنیارمان كرد كە كاك كەمال ڕئوف لەو بارەوە شتێك ئامادەبكات و بیخاتە ناو بازنگەی گفتو گۆكردنەوە تاكوبەوئەنجامەبگەین كەبۆخۆی بەشێك لەو پرۆسەی ڕخنەگرتنە پێكدەهێنێت كەهەرئێستابەگەرمیەوە لەنێوخەڵكدا سەری دەرهێناوە و پرسیاری نوێ دەخاتەوە. كەچی لەو نوسینەدا سەرباری ئەوەی كەئەو توانیویەتی زۆر شتی باش بلێت وبیخاتەبەرچاوان بەلام نەی توانیوە كە پرسیارگەلێكی وابخاتەوە كە بتوانێت لەمیكانیزمە تازەكانی حیزب و بەشە فكری و ئایدلۆژیەكەی ڕێكخراوەیەكی سیاسی قسەبكات یان هیچ نەبێت ئاماژەبەوەبكات كە ئەم سەردەمە ڕێكخراوەی چەپ وسوسیالیستی دەخوازیت یان ڕاست ونەتەوەیی .... هتد پاشان ئێمە بۆیە ئەو مان ڕاسپارد چونكە ئەو خۆی كەسێكی ناو ئەو بزووتنەوەی چەپەیە كەدەورانێكە كادرو هەڵسوراوەكانی لەبواری سیاسی و ڕێكخراوەیدا كارێكی بەرچاویان نەكردوە. هەربۆیە هەقوایە لەبەشەكانی تری ئەو گفتو گۆیانەدا وەلامی ئەو پرسیارانە بەڕۆشنی بدرێتەوە و هەمەلایەنانەتر لەسەر كاری ڕێكخراوەی قسەبكرێت.

تێبینی كوردستان نێت:

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
16/07/2003 20:48
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org